# بڕیارێک کەبنەمایەکی پەروەردەیی نیە

فایەق سەعید

وەزارەتی پەروەردەی بەغدا لەبڕیارێکی تازەدا بریاڕی ئەوەی دا کەهەر خوێندکارێک لەقۆناغی سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی لەخولی یەکەمی تاقیکردنەوەکاندا لەسێ وانە بکەوێت ئەوە بەکەوتوو دادەنرێت و بۆی نیە لەتاقیکردنەوەکانی خولی دووەمدا بەشداری بکات. لەسۆنگەی ئەوەی ترسم هەیە کەوەزارەتەکانی پەروەردەی هەولێرو سلێمانیش هەمان بڕیار پیادە بکەن من ئەم تێروانینانەی خۆم دژ بەو بڕیارە دەخەمەروو.

خاڵی مەحەک لەتەواوی تیۆرییە پەروەردەییەکاندا ئەوەیە کەچۆن ئێمە بتوانین بەشێوەیەکی پەروەردەیی خوێندکار فێری زانست بکەین. ئەڵبەتە زۆرجار مەلایەکیش یا هەر یەکێکی خوێندەوار دەتوانێت زانستەکان بگەیەنێتە خوێندکار بەڵام لێرەدا فاکتەری هەر گرینگی پرۆسەکە کەبریتیە لەشێوازە پەروەردەییەکە دیار نیە. بەداخەوە تاوەکو ئێستاش زۆرێک لەبریارەکان لەبەر رۆشنایی تیۆرییە هاوچەرخەکان نادرێن. من نازانم وەزارەتی پەروەردەی بەغدا ئەم بڕیارەی لەسەر چ بنەمایەکی پەروەردەیی داوە، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەم کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم بڕیارە شیبکەمەوە.

وەزارەتی پەروەردە بەر لەهەموو بڕیارێک دەبێ بیر لەزیان و سودەکان بکاتەوە. من نازانم حیکمەت لەوەدا چیە خوێندکارێک دوای کەوتن لەسێ وانە بۆی نەبێ لەخولی دووەمدا بەشداری لەتاقیکردنەوەکاندا بکات. ئایا ئەمە چ زیانێکی بۆ پەروەردە و کۆمەڵگاو وەزارەت و خودی ئەو خوێندکارەش هەیە. من پێم وایە ئەم بڕیارە زیاتر لەرەهەندێکی باوکانەوە دەرکراوە نەک پەروەردەییانە. جگە لەوەی وەزارەتی پەروەردە بەم بڕیارە دەیەوێت کۆنترۆڵی خوێندکاران بکات من هیچ شتێکی دیکەی تێدا نابینم. بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵگرتنی بڕیارێکی لەم بابەتە زیاتر لەسودێکی هەیە.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەجیاوازییەکی بنەڕەتی سیستمی پەروەردەیی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی بکەم کەزۆر بواری پەروەردەیی ئێمەی رۆژهەڵاتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم سیستمەی ئێمە لەگۆشە نیگایەکی زۆر تەسکەوە دەروانێتە خوێندکارو لەروانگەی کۆمەڵایەتییەوە بەمرۆڤێکی کەم بەهاتر لەمامۆستاکەی تەماشای دەکات. لەروانگەی دەروونیەوە دەیخاتە ژێر فشارێکەوە کەبۆتە هۆی ئیفلیج بوونی. لەروانگەی پەروەردەییشەوە ئەم سیستمە خوێندکار لەماوەیەکی زۆر تەسکدا یا لەسەر ئاستێکی زۆر کورتدا کەلەدرێژترین حاڵەتدا دەگاتە یەک ساڵ. هەڵدەسەنگێنێ. سیستمی پەروەردەیی رۆژهەڵات تا ئێستا لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە تاکەکانی ناو قوتابخانە لەسەر ئاستێکی دوور هەڵبسەنگێنێت. ئێمە دەمانەوێت چەندین سنورو تەلبەند بەدەوری خوێندکاردا دروست بکەین و مەرجی سەرکەوتن یا دەرچوون ئەوەبێت کەخوێندکار لەناو ئەو تەلبەندەدا لەماوەیەکی دیاریکراودا لەهەموو وانەکان دەرچێت و ئەمە نەکات و ئەوە بکات.

بۆ دەبێ ئەگەر یەکێک سێ وانە کەوت بۆی نەبێت بەشداری تاقیکردنەوەکان بکات یا بۆی نەبێت بەشداری خولی دووەم بکات و ئیدی بەکەسانێکی نێگەتیف لەقەڵەمیان بدەین و شایەنی بەراورد نەین لەگەڵ گروپەکانی تردا کە لەدوو وانە کەوتوون. زۆر جار وارێکدەکەوێ لەبەر هۆکاری دەرونی یا کۆمەڵایەتی

**مرۆڤ لەهەندێ تاقیکردنەوەدا دەرناچێت. بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە ئەو خوێندکار نەتوانێت لەتاقیکردنەوەکانی کۆتاییدا دەربچێت یا کەبەشدار بوو مانای وایە زەرەر لەوانی دیکە دەدات یا ئاستی زانستی زۆر نزمە. من لەو بڕیارەدا بەهیچ شێوەیەک روانگەیەکی پەروەردەیی بەدی ناکەم. ئەوە گریمان خوێندکارێک لە سێ وانە کەوت خۆ دنیا کاول نابێت. بۆچی بۆی نەبێت بچێتە تاقیکردنەوەکانەوە؟ من نامەوێ ئەو دوو گروپە لەرووی زانستیەوە بەتەواوی بخەمە یەک ئاستەوە بەلام ناشمەوێ دیوارێک لەنێوانیاندا دروست بکەم. دەمەوێ شانس بدەمە هەموو خوێندکارێک کەخۆی تاقیبکاتەوە. من پێم باشە هەموو خوێندکارەکان بەشداری هەردوو خولەکە بکەن و بەهیچ شێوەیەک بەربەست نەبێت لەبەردەمیانداو پێشمەرجەکانی بەشداربوون بەتەواوی بۆ دوای تاقیکردنەوەکان دوابخرێت یا بەزمانێکی دی بەتەواوی هەلبگیرێت.**

**کاتێک خوێندکارێ لەبەر کەوتن لەوانەیەک یا زیاتر بێبەشی دەبێت لەخولی دووەمی تاقیکردنەوەکان ئەمە مانای وایە ئەو خوێندکارە دەبێ ئەو ساڵە دووبارە بکاتەوە. ئایا وەزارەتی پەروەردە حیسابی بۆ ئەو نیگەرانیە دەرونی و کۆمەڵایەتیە کردووە کەئەو خوێندکارە تێی دەکەوێت. ئایا بیری لەوە کردۆتەوە چەند قۆرسایی بۆ خێزانی ئەو خوێندکارە دروست دەکات. ئایا بیری لەوە کردۆتەوە دووبارەکردنەوەی ساڵێک مانای وایە ئەو خوێندکارە کورسیەک لەقوتابخانە داگیر دەکات کەپارەیەکی بێشومار لەسەر دەوڵەت دەکەوێت. ئەو پارەیە چەندە تا ئێستا کەس حیسابی نەکردووە، ئایا ... هتد.**

**دواتر بۆ ئەو خوێندکارە لەساڵی داهاتوودا هەموو وانەکان دووبارە بکاتەوە. حیکمەت چیە لەدووبارەکردنەوەی ئەو وانانەدا کەمرۆڤ ساڵێک بەر لەوجا تیایاندا سەرکەوتوو بووە.**

**دەیەها پرسیار دێنە گۆڕێ کەپێناچێ وەزارەتی پەروەردەی بەغدا بیری لێیان کردبێتەوە، چونکە ئەگەر بیری کردبێتەوە ئەوە نووسراویشی دەبێت و ئەو نووسراوانەش بلاودەبنەوە ئێمەش دەتوانین قسەیان لەسەر بکەین.**

**لەکۆتاییدا تەنها ئەوە دەڵێم ئەم بڕیارە جگە لەبەردەوامبوون لەو سیستمە کۆنەی تاوەکو ئێستا هەیە هیچی دیکە ناگەیەنێت. ئەگەر جۆرە بڕیارانە یەک سودێکی بۆ خوێندکاران هەیە من حەز دەکەم بیزانم.**

**faiekk@hotmail.com**